# چۆن کاری (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن) لەگەڵ کاری (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) لەیەک جیابکەینەوە؟

ئامادەکردنی: م. عبداللە عبدالقادر علی
ئامادەییی (سلێمانی)ی کچان
چوارشەممە (٢٠٢٣/٤/١٢)

وەڵام/ هەر ڕستەیەک کارەکەی نیشانەی (دە)ی پێوەبوو، ئەوا شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندنە، بەڵام دەبێت بزانین ئایا (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)ە، یان (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)ە؟ چونکە لە پێنج (٥) جۆرەکەی ڕاگەیاندن بە ڕابردوو و ڕانەبردووەوە، تەنیا دووانیان نیشانەی (دە)یان پێوەیە، کە ئەمانەن: (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن) و (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن).

بۆیە دەبێت ئەو دوو جۆرەش بەجوانی و بەوردی لەیەک جیابکەینەوە، کە زۆر جار لەلایەن خوێندکارانەوە تێکەڵ دەکرێت، ئێمە هەوڵ دەدەین بەهۆی ئەم چەند خاڵەوە جیایان بکەینەوە.

| ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن | ڕانەبردووی ڕاگەیاندن |
|---|---|
| ١/ جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندن. | ١/ جۆری نییە و هەر یەک جۆر و یەک یاسایە. |
| ٢/ لە ڕووی کاتەوە ڕووی داوە. | ٢/ لە ڕووی کاتەوە هێشتا ڕووی نەداوە. |
| ٣/ لە (قەد) دروست دەکرێت لە بکەردیاردا، واتە (دە + قەد).<br>نم/ دەچوو.<br>نم/ دەهێنا. | ٣/ لە (ڕەگ) دروست دەکرێت لە بکەردیاردا، واتە (دە + ڕەگ).<br>نم/ دەچم.<br>نم/ دەهێنم. |
| ٤/ لە بکەرنادیاردا، لە (دە + ڕەگ + را + ک٢) دروست دەکرێت. | ٤/ لە بکەرنادیاردا، لە (دە + ڕەگ + رێ + ک٢) دروست دەکرێت. |

مامۆستا (عبداللە عبدالقادر علی)

| | |
|---|---|
| نم/ دەبینرام. | نم/ دەبینرێم. |
| ٥/ بەهۆی ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێت و دەچێتە پێش نیشانەی (دە) و نیشانەی (دە)ش لاناچێت و دەمێنێتەوە.<br>نم/ دەچوو. ← نەدەچوو<br>نم/ دەهێنا. ← نەدەهێنا | ٥/ بەهۆی ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت و دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە) لە هەر شوێنێکدا بێت و نیشانەی (دە)ش لادەچێت و نامێنێتەوە.<br>نم/ دەچم. ← ناچم.<br>نم/ دەهێنم. ← ناهێنم. |
| ٦/ ئەگەر تێنەپەڕ بوو، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێت و شوێنیان جێگیرە و هەمیشە دەچنە کۆتاییی قەدەکە.<br>نم/ دەچووم. ← دەچووین.<br>دەچوویت. ← دەچوون.<br>دەچووØ . ← دەچوون.<br>بەڵام ئەگەر تێپەڕ بوو، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێت و شوێنیان جێگیر نییە و بەپێی شێوەی کارەکە دەگۆڕێت.<br>نم/ دەمانهێنا.<br>نم/ هەڵماندەکرد.<br>نم/ دروستماندەکرد. | ٦/ تێنەپەڕ بێت، یان تێپەڕ، جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم وەردەگرێت و شوێنیان جێگیرە و هەمیشە دەچنە کۆتاییی ڕەگەکە.<br>نم/ بۆ تێنەپەڕ:<br>دەچم. ← دەچین.<br>دەچیت. ← دەچن.<br>دەچێت. ← دەچن.<br>نم/ بۆ تێپەڕ:<br>دەهێنم. ← دەهێنین.<br>دەهێنیت. ← دەهێنن.<br>دەهێنێت. ← دەهێنن. |
| ٧/ ئەگەر نیشانەی (دە) لاببەین، واتای کارەکە تێک ناچێت و بەکار دێت، تەنیا | ٧/ ئەگەر نیشانەی (دە) لاببەین، واتای کارەکە تێک دەچێت و بەکار نایێت.<br>نم/ دەچێت. ← چێت؟! |

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علي)

| | |
|---|---|
| **حاڵەتە ڕێزمانییەکەی دەگۆڕێت و دەبێت بە (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن).**<br>**نم/ دەچوو. ← چوو.**<br>**نم/ دەهێنا. ← هێنا.**<br>**نم/ دەچووەوە. ← چووەوە.**<br>**نم/ دەهێنایەوە. ← هێنایەوە.**<br>**نم/ هەڵ دەکرد. ← هەڵ کرد.**<br>**نم/ دروست دەکرد. ← دروست کرد.** | **نم/ دەهێنم. ← هێنم؟!**<br>**نم/ دەچێتەوە. ← چێتەوە؟!**<br>**نم/ دەهێنمەوە. ← هێنمەوە؟!** |

ماموستا (عبدالله عبدالقادر على)

**کۆتایی**